دکتورساڵح ئیبراهیمی



## سوورەی قەدر

**سوورەی قەدر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئێمەیش کە ئەم قورئانەمان لە شەوی هەرە بەرێزدا ناردۆتە خوارێ ﴿١﴾ تۆ چووزانی کە شەوی بەرێز چییە؟! ﴿٢﴾ شەوی بەرێز باشتر لە هەزار مانگە؟! ﴿٣﴾ لەو شەوەدا فریشتەکان و جوبرەئیل بە ئیزنی پەروەندەیان بۆ ئەنجامدانی کارگەل، دێنە خوارێ ﴿٤﴾ شەوێ کە تا سپێدەی بەرەبەیان پڕە لە هێمنایەتی و خۆشی و لە سەلام و دروود ﴿٥﴾

## سوورەی بەیینە

**سوورەی بەیینە: بەڵگەی ڕوون، لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەو کەسانەی حاشایان لە خوا کردبوو شەریکدانەرانیش لەوانە نەبوون دەسبەردار بن تا بەڵگەیەکێ ڕوونیان بۆ دێ ﴿١﴾ پێغەمبەرێ لە لایەن خواوە چەن لاپەڕەیێ پاک (بەسەرتاندا) دەخوێنێتەوە ﴿٢﴾ لەواندا نووسراوەگەلێ ڕاست و بەنرخ هەیە ﴿٣﴾ ئەهلی کتێب (لە دینی خوا) لێک جیا نەبوونەوە، مەگەر دوای ئەوەی کە ئەم بەڵگە ڕوونەیان بۆ هات ﴿٤﴾ بەوان بێجگە لەو فەرمانە نەدرابوو کە خوا بپەرستن، لە دینی ئەو دڵپاک بن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، ئەمەیە دینی ڕاست و پایەدار و دروست ﴿٥﴾ کەسانێ کە کافر بوون لە ئەهلی کتێب و بتپەرستان، بۆ هەمیشە لە دۆژەهدا قەتیسن، ئەوانە خراپترین کەسن ﴿٦﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، هەر ئەوانە باشترینی کەسن ﴿٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

پاداشی ئەوانە لای پەروەرێنەریان باغگەلێکی هەمیشەیی بەهەشتە کە چۆمەئاو بەخورڕ بە بن دارەکانیدا دێ، بۆ هەمیشە لەوێدان، هەم خوا لەوان ڕازییە و هەم ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئەم پلە بەرزە بۆ کەسێکە کە لە پەروەرێنەری بترسێ ﴿٨﴾

## سوورەی زەلزەلە

**سوورەی زەلزەلە لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەر کاتێ زەوی بە بوومەلەرزەکە هاتە هەژین ﴿١﴾ ئەم زەوییەش گرانباری خۆی وەدەر خست ﴿٢﴾ مرۆیش پرسی: زەوی چییەتی بۆ وا دەکا؟ ﴿٣﴾ لەو ڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە ﴿٤﴾ لەوەی کە پەروەرێنەرت پێی ڕاگەیاندووە ﴿٥﴾ لەو ڕۆژەدا خەڵک بە پرش‌وبڵاوی لە گۆڕ دێنە دەرێ تا ئاکامی کاریان نیشان بدرێ ﴿٦﴾ جا هەرکەس بە ئەندازەی قورسی و سەنگایی مێروولە زەردەی هەرە وردیلە یا زەڕڕەیەک کاری چاکی کردبێ (جەزای) ئەبینێ ﴿٧﴾ هەرکەسیش بە ئەندازەی سەنگایی مێروولە زەردەی هەرە وردیلە یا زەڕڕەیەک خراپەی کردبێ، (سزای) ئەبینێ ﴿٨﴾

## سوورەی عادیات

**سوورەی عادیات: چارەوێ، لە مەککە هاتۆتە خوارێ تۆ بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە ئەسپانی توندڕەو کە بە پرمەپرم (بەرەو مەیدانی جەنگ) بەرەو پێش ئەڕۆن ﴿١﴾ بەوانەیش کە ژێر سمیان پریشکە ئاور و ئاورینگ دێنن ﴿٢﴾ سوێند بەوانەیش کە لە بەرەبەیاناندا هێرش هێنەرن ﴿٣﴾ بە هۆی ئەوە تۆز و خۆڵ هەڵدەستێ ﴿٥﴾ بەڕاستی مرۆڤ لە ڕاست پەروەرێنەریدا سپڵە و هەقنەناسە ﴿٦﴾ بەڕاستی ئەو خۆیشی لەسەر ئەمە شایەدە ﴿٧﴾ بەڕاستی ئەو ماڵی زۆر خۆشدەوێ ﴿٨﴾ جا ئایا نازانی ڕۆژێ تەواوی ئەوانەی لە گۆڕدان زیندوو بکرێنەوە و لە گۆڕ دەرخرێن و بڵاو بکرێنەوە ﴿٩﴾ ئەوەی لە دڵ و دەروونـدا نهێنە، ئاشکرا بکرێ ﴿١٠﴾ بەڕاستی پەروەرێنەریان لەو ڕوژەدا بە ناخیان ئاگەدارە ﴿١١﴾